ISSN: 1999-5601 (Print) 2663-5836 (online)

Lark Journal

Available online at: https://lark.uowasit.edu.iq

# Literature and Education in the view of Evaluation- the Literature Section of the 10th Grade of Kurdish Language and Literature book as example

*Corresponding author:
**M. Zhino Abdulrahman Mumamad**
Ministry of Education – Genral Directorate of Education, Sulaymaniyah
**Email:** **zhinoabdulrahman1989@gmail.com**
**M. Adnan Ahmad mistafa**
Ministry of Education – Genral Directorate of Education, Sulaymaniyah
Email: adnan.mustafa@chu.edu.iq

**Keywords**: education, literature, literary genres, textbooks, Kurdish language and literature.

A R T I C L E I N F O

Article history:
Received 27 Dec2024
Accepted 28 Dec 2024
Available online 1 Jan 2025

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

A B S T R A C T

This research entitled (Literature and Education in the view of Evaluation- the Literature Section of the 10th Grade of Kurdish Language and Literature book as example), it works on the relationship between literature, education and teaching. It attempted to evaluate the literature part of the book in terms of genre and literary basics, to what extend these genres serve philosophy and educational purposes.

The importance of the research is that precisely it has tackled the shortcomings that the literature section of the book should have addressed, although the research in the sight of the importance of literature in the education system illustrated some suggestions to the educational board. The research used descriptive- analytical method.The research consists of an introduction and two main chapters: the first chapter entitled (The Concepts of Literature ،Education ،Teaching and the relationships between them), which is a theoretical section with three subparts. The first one is the concept of Literature, Education ،and Teaching. The second one, the relationship between Literature and Teaching. The second chapter, entitled (Evaluating the Literature part of the 10th grade book in terms of genres of Literature) in which it is demonstrated in a critical and evaluative view. To what extend inliterature part of the book, literary genres such as language, thought, imagination, feelings and emotion have been used.

© 2025 LARK, College of Art, Wasit University

DOI: https://doi.org/10.31185/lark.4093

**الأدب والتعليم في دائرة التقييم – القسم الأدبي من كتاب (اللغة والأدب الكردي) للصف العاشر الأعدادية مثلا**

ا.م ژينو عبدالرحمان محمد – وزارة التربية- المديرية العامة للتربية السليمانية

ا. م عدنان احمد مصطفى – وزارة التربية- المديرية العامة للتربية السليمانية

**ملخص**

هذا البحث بعنوان (الأدب والتعليم في دائرة التقييم – القسم الأدبي من كتاب (اللغة والأدب الكردي) للصف العاشر الأعدادية مثلا) يتناول العلاقة بين الأدب و التربية و التعليم. وقد حاول تقييم القسم الأدبي من الكتاب من خلال الأنواع والمبادئ الأدبية، إلى أي مدى وضعت هذه الأنواع في خدمة الفلسفة والأهداف التربوية. وتكمن أهمية البحث في أنه قام بتفصيل النواقص التي كان ينبغي أن يصل إليها القسم الأدبي من هذا الكتاب، أما البحث في ضوء أهمية الأدب في المنظومة التعليمية فقد طرح عددا من المقترحات.

واستخدمت الدراسة المنهج الوصفي التحليلي، هيكل البحث: يتكون من مقدمة وجزأين رئيسيين: الجزء الأول بعنوان مفاهيم (الأدب، التربية، التعليم) وعلاقتهم، وهو جزء نظري ويشتمل على ثلاثة محاور. الموضوع الأول: مفاهيم (الأدب، التربية، التعليم). المبحث الثاني: العلاقة بين الأدب والتعليم. أما الجزء الثاني بعنوان (تقويم القسم الأدبي من كتاب الصف العاشر من خلال قياس أجناس الأدب) ففيه عرض رؤية نقدية وتقويمية إلى أي مدى تم الاستفادة في القسم الأدبي من كتاب الشغف واستبدالها. وأخيرا تم عرض نتائج الدراسة والتوصيات والمصادر التي اعتمدت عليها.

**الكلمات المفتاحية**: التعليم، الأدب، الأنواع الأدبية، الكتب المدرسية، اللغة الكردية وآدابها.

پوختەی توێژینەوە :

پەیوەندیی نێوان ئەدەب و پەروەردە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە. ئەدەب لە نێوەندی پەروەردەدا هەم وەک بابەتی خوێندن، هەم وەک ئامراز و پاڵنەرێکیش بۆ گەشەپێدانی توانا کەسییە جۆراوجۆرەکانی لەمەڕ زمان، خەیاڵ، بیرفراوانی و هەست و سۆز بایەخی هەیە. هاوکات بە شێوەیەکی گشتییش بە مەبەستی پێشخستن، جێکردنەوەی کولتوور، ڕەفتار، پەیوەندی و بەها باڵا مرۆڤێنییەکان پەنای بۆ براوە.

توێژینەوەکە بە دیدێکی ڕەخنەگرانە و هەڵسەنگێنەرانەوە، باس لە پەیوەندی و بەیەکداچوونی ئەدەب و پەروەردە لە پرۆگرامی خوێندن بە گشتی و بەشی ئەدەبی پەرتووکی (زمان و ئەدەبی کوردی)ی قۆناغی دەیەمی ئامادەیی بە تایبەتی، دەکات. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە پێشاندانی پەیوەندی و سوودوەرگرتنی هەردوو کایەی ئەدەب و پەروەردە لە یەکدی، بە پشتبەستن بە پێودانگە بنچینەییەکانی هەریەکەیان. گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ بایەخپێدانی زیاتری ئەدەب لە پرۆگرام و کتێبەکانی ناوەندی خوێندن و پەروەدەدا، توێژینەوەکە میتۆدی (وەسفیی شیکاریی) پەیڕەودەکات.

کلیلە وشەکان: پەروەردە، ئەدەب، ڕەگەزە ئەدەبییەکان، پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی، قۆناغی دەیەمی ئامادەیی.

بەشی یەکەم: چەمکەکانی (ئەدەب، پەوەردە، فێرکردن) و پەیوەندی نێوانیان

تەوەری یەکەم- چەمکەکانی (ئەدەب، پەوەردە، فێرکردن(

١-چەمکی ئەدەب

ئەدەب بە شێوازێکی گشتی زانستێکی فراوان و گشتگیرە. هەروەها لە کۆمەڵێك ژانر پێکدێت، وەکو (شیعر، چیرۆك، ڕۆمان و وتاری ئەدەبی و ...هتد). هەر یەکێك لەم ژانرانەش کۆمەڵە لقێکی لێ دەبێتەوە و دەتوانرێت پۆلێن بکرێن، بەڵام ئێمە لێرەدا پێناسەی ئەدەب بە گشتی دەکەین. (عەلائەدین سەجادی) لە پێناسەی ئەدەبدا دەڵێت: ((ئەدەب بریتییە لەو شتە نایابانەی کە پێشینان هێشتوویانەتەوە و بەجێیان هێشتووە بۆ دوای خۆیان؛ ئەوانەش وەکو هۆنراوە و پەخشان، پیشەی قەشەنگ، مووزیقا و ساز و ئاواز و وێنەی بە پەرداخ. ئەمانە بە قسەی جوانی مرواریئامێز- نووسراوە بووبن، یا نەنووسراوە- بەڵگەی کۆنی سەر بەردەکان، کە داستانی ئادەمیزاد ئەگێرنەوە، ئەو نەوا کاریگەرانە، کە لە تەلی مووزیقاکانەوە دەرئەچن و مێشك و دڵ و دەروون گوڵاوپاشی ئەکەن)). (سجادی، 1978: 5). لەم پێناسەیەوە (عەلائەدین سەجادی) دەروازەیەکی ترمان بۆ دەکاتەوە، کە ئەدەب تەنیا شیعر و پەخشان و نووسراوەکان ناگرێتەوە، بەڵکو زۆر شتی تریش دەگرێتەوە و فراوانترە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

لە پێناسەیەکی تریشدا کە جەخت لە هاوشانێتی ئەدەب و مرۆڤ دەکاتەوە لە ڕوانگەی هەست و سۆز و بیرەوە، دەڵێت: ((ئەگەر ئەدەب بریتی بێت لە گوزارشتکردنی هەست، بیرو ئەزموونی مرۆڤەکان، ئەوا لەو کاتەوەی مرۆڤ هەیە و گوزارشتی لە خۆی کردووە، بە ئەدەب هەژمار دەکرێت))(مەنتك، 2019: 9). ئەم بۆچوونەش لەمەڕ ئەدەب پاڵپشتییەکی باشی پێناسە و بۆچوونەکانی پێشووترمان دەکات، کە ئەدەب لە سنوورێکی بچووککراوەدا قەتیس ناکات و پەیوەستیشە بە مرۆڤەوە، بۆیە مەودایەکی فراوان لە بەردەمی ئەدەبدا واڵا و کراوەیە و زۆر بوار و لایەن لە خۆی دەگرێت. ((ئەدەب: یەکێکە لە هونەرەکان، وەکو ڕەسم و موسیقا و بیناسازی و ...هتد وایە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ هەموو ئەو هونەرانەی تر لە کەرەستەکەیەتی. کەرەسەی مۆسیقا (دەنگ)ە، کەرەسەی ڕەسم (بۆیە)یە، کەرەسەی بینا ئەو دار و بەرد و ئاسن و شتانەی ترە، کە بینایان پێ دروست دەکرێت، کەرەسەی (ئەدەب)یش وشەیە))(ناوخۆش و ئەوانی تر، 2021: 128). ئەگەر کەرەستەی ئەدەب وشە بێت و وشەش لە ڕێگەی زمانەوە دەربڕدرێت، بەم پێیە جۆرەها دەربڕاو و دەقی جیاوازجیاواز دروست دەبێت. کەواتە ((دەق کەرەستەیەکی زمانییە، پانتاییەکی فراوان لە دەربڕین و نووسراوەکاندا لەخۆ دەگرێت. دەق خوڵقێنەری کۆمەڵێك پێکهاتەی جیاوازە، فۆرم و ناوەڕۆکێکی

تایبەتی هەیە، کە نووسەر وەك پەیامێك ئاراستەی خوێنەری دەکات))(مستەفا، 2021: 22). لەم پێناسەیەوە دەتوانین کۆمەڵێك یەکەی گرنگ دەستنیشان

بکەین، وەکو (دەق، کەرەستەی زمان، ئافراندن، نووسەر، پەیام، وەرگر و... هتد). کە وابوو ئەدەب شتێکی سادە و ئاسان نییە، بەڵکو لە ڕێگەی ئەدەبەوە دەتوانین زۆر شت بکەین، لەوانە (شۆڕش، چاکسازی، هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ...هتد). لەهەمان کاتدا ئەدەب دەرگایەکی ترمان بەڕوودا دەکاتەوە، کە ئێمە هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری بکەین لەمەڕ جیاوازی نێوان (شتگەل و ڕووداو، باش و خراپ، خەسڵەت و ناوەڕۆک، ڕابردوو و ئێستا، گەشەی کۆمەڵایەتی و شارستانییەت و ...هتد). هەروەها لەو ڕووەوە (تێری ئیگڵتن) دەڵێت: ((ئەگەر هەڵسەنگاندن کار نەکات بۆ بینینی ئەدەب وەک جۆرە وەسفکراوێکی بابەتی، ئەوا کاریش ناکات بۆ گوتنی ئەوەی، کە ئەدەب تەنیا ئەو شتەیە، کە خەڵك ئارەزووبازانە هەڵیدەبژێرن، کە پێی بڵێن ئەدەب. دیارە هەرگیز شتی ئارەزووبازانە لەبارەی ئەم جۆرانەی هەڵسەنگاندنی بەهاوە لە ئارادا نییە. ئەمانە ڕەگوڕیشەی خۆیانیان هەیە لە بونیادە قووڵترەکانی ئەو بیروباوەڕەدا کە وەکو بینای دەوڵەتێکی ئیمپراتور وایە و بە ئاشکرا نەلەرزیوە. ئەوەی تاکو ئێستا ئێمە ئاشکرامان نەکردووە تەنیا لەوەدا کۆ نابێتەوە، کە ئەدەب پیسبوونی نییە. بەو مانایەی مێژووەکان بوونیان هەیە هەروەك هەڵسەنگاندنی بەها، کە بەهۆیانەوە ئەدەب پێکدێت. لە ڕووی مێژووییەوە جۆراوجۆرن، بەڵام ئەم هەڵسەنگاندنانەی بەها، خۆیان پەیوەندی نزیکیان هەیە بە ئایدۆلۆجیا کۆمەڵایەتییەکانەوە))(ئیگڵتن، 2016: 41.(

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

ئەم هەڵسەنگاندنانە لە کۆتاییدا نەك هەر ئاماژە بۆ چێژی تایبەتی دەکەن، بەڵکو ئاماژە بۆ ئەو گریمانانەش دەکەن، کە بە هۆیانەوە گرووپە کۆمەڵایەتییە دیارەکان پیادەی دەسەڵات بەسەر ئەوانی تردا دەکەن. هەروەها پارێزگارییش لەو دەسەڵاتە دەکەن. ئەگەر ئەمە وەکو دڵنیاکردنەوەیەکی دەستپێنەگەیشتوو هاوشێوەی بابەتی ئارەزووبازییەکی تایبەت دەربکەوێت، ئەوا دەشێت ئێمە ئەو چێژە بەهۆی سەرهەڵدانی ئەدەبەوە تاقی بکەینەوە.

٢ -چەمکی پەروەردە

سەبارەت بە چەمکی پەروەردە، پێناسەی زۆر و جۆراوجۆر کراوە لە ڕوانگەی نووسەرە پەروەردەییەکانەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، هەروەها فرەکولتوور، فرەڕەنگ، فرەزمان و فرەژینگەی جیاواز، ئەو جیاوازییانە دروست دەکەن. لەو ڕوانگەیەوە چەمکی پەروەردە چەمکێکە، ئاسان نییە کۆدەنگی لەسەر هەبێت و پێناسەیەکی یەکگرتووی بۆ بکەین. پێناسەی پەروەردە لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕدرێت، ئاستی هۆشیاری، جۆری بیرکردنەوە، گەشەکردنی مرۆڤەکان، جیاوازیی بیروبۆچوون، پێداویستییەکانی ژیان، بەرز و نزمیی ئاستی ئابووری و

جۆری سیستەمی حوکمڕانی، کاریگەرییان دەبێت لەسەر پێناسە و فەلسەفەی هەر گۆمەڵگایەک. لای (هێربەرت ١٧٧٦-١٨٣٤)ی فەیلەسوف و دەروونناس و دۆزەرەوەی زانستی پێداگۆجیی ئەڵمانییش مەبەست لە پەروەردە واتا ((ڕەوشت و ئاکارێک، بمانگەیەنێت بە فەزیلەت. ڕێگەکانی پێگەیشتنیشی بریتین لە فێرکردن، ئاڕاستەکردن، سیستەم))(الرشدان و جعنيني، ٢٠٠٢: ١٠). وەک دەبینین زیاتر کردارییانە تەماشای پرۆسەی پەروەردە دەکات و پەیوەستی ڕەوشت و ئاکاری دەکاتەوە لە ڕێگەی بە سیستەمکردن و ئاڕاستەکردن و فێرکردنەوە پرۆسەکە دەگاتە پایان. مەبەست لە فەزیلەتیش ئاکاری باش و گەشەکردن و هەنگاونانە بەرەو چاکەخوازی و ڕەوشتی باڵا .

) جان جاک ڕۆسۆ ١٧١٢ – ١٧٧٨) کە بە یەکێک لە ڕابەرانی پەروەردەکارە هاوچەرخەکانی ڕۆژئاوا دادەنرێت، لە کتێبی (اميل)دا دەڵێت: ((پێویست ناکات خوێندکار فێر ببێت، بەڵکو پێویستە خوێندکار خۆی بدۆزێتەوە و ڕاستیی خودی خۆی دەربخات))(عیسی، ١٩٧٧: ١٧). ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت، کە پەروەردە پرۆسەیەکی خودییە و لە تەمەنی منداڵییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە وابوو ئەم زانایە گرنگیی پەروەردە بۆ خاڵی سەرەتا و دەستپێک، کە ناکرێت فەرامۆشی بکەین، دەگێڕێتەوە. ئەم تێگەیشتنە ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتییەکی قورسمان دەکاتەوە، کە لە بنەڕەتدا، ((پەروەردە چالاکییەکی کۆمەڵایەتیی گشتگیرە، گرنگییەکەی لەوەدایە، کە مرۆڤ ئامادە دەکات لەو جیهانە پێشکەوتووەی، کە تێیدا دەژی، بە گۆڕانێکی زۆر خێرا، تاکو ڕاستیی ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەوەی هۆکارێکە بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامبوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگە))(اليماني، ٢٠٢٤: ٢٦). کەواتە ناتوانین پەروەردە لە چوارچێوەی تاکدا کورتبکەینەوە، چونکە دواجار ئەم تاکانە کۆمەڵگە پێک دەهێنن، بۆیە دەتوانین بڵێین پەروەردەیەکی باش واتە کۆمەڵگەیەکی باش و پێشکەوتوو. لەبەر ئەمەیە، کە بۆچوونێکی تر هەیە لە پێناسەی پەروەردەدا دەڵێت: ((پەروەردە پرۆسەی گونجانە یان کارلێکە لەنێوان تاک و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی، ئەم پرۆسەی گونجان و کارلێکەش واتە سازان لەگەڵ ژینگەی سروشتی، ژینگەی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییەکانیان، ئەمەش پرۆسەیەکی درێژخانەیە و کۆتایی نایەت، مەگەر بە کۆتاییهاتنی ژیان کۆتایی پێ بێت))(الخالیدي، 2008: 18 ).

لەم پێناسانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە پەروەردەی تاک و کۆمەڵگە یەکانگیرە و لێکدابڕاو نین و کاریگەرییان لەسەر یەکتر زۆرە. تاکێکی تەندروست واتە کۆمەڵگەیەکی تەندروست، بە پێچەوانەوە کۆمەڵگەیەکی تەندروست واتە دروستکردنی تاکێکی ساز و بەهێز .

٣ -چەمکی فێرکردن

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

فێرکردن بەشـێکە لە پرۆسـەی پەروەردە، لە زۆر شـوێنیشـدا دەگوترێت پەروەردە و فێرکردن. دەتوانین بڵێین فێرکردن پرۆسەیەکی بچووکی ناو پرۆسەیەکی گەورەی وەک پەروەردەیە. کە وابوو فێرکردن بریتییە لە پرۆسەی (پێدان، گواستنەوەی زانست، زانیاری، ئەزموون، مەعریفە و ...هتد) لەلایەن کەسانی شارەزا و خاوەنئەزموونەوە بۆ کەسـانێکی تر، کە دەیانەوێت فێرببن وەکو فێرکردنی خوێندکار لەلایەن مامۆسـتاوە، فێرکردنی ئاکاری جوان و باش لەلایەن کەسانی سەرمەشق و ڕابەرەوە و ...هتد .

بۆیە ((فێرکردن بە کردەوە، یان پرۆسـەیەک دەگوترێت، کە لەو ڕێگەیەوە زانسـت، لێزانی، لێهاتوویی و چۆنێتی هەڵسوکەوت، یان ئاکاری شیاو فێری تاک دەکات))(قادر، ٢٠١٥: ٣). کەواتە ئەم تێگەیشتنانە، بەشێکی فێرکردن پەیوەست دەکەنەوە بە ئاکاری باش. ئەمەش بۆچوونەکانی پێشووتر پشتڕاست دەکاتەوە، لەوەی کە فێرکردن دەکەوێتە نـاو پرۆسـەی پەروەردەوە. دەتوانین بڵێین ئەم دوو وشـەیە (پەروەردە و فێرکردن) لازم و مەلزوومی یەکن. بۆیە دەتوانین بڵێین: ((پەروەردە بنـاغەی هەموو پێشـکەوتن و چاکسـازییەکە و ناونیشـانی هەموو گۆڕان و شـۆڕشـێکە. ڕێگەیەکە بۆ گەیشـتن بە پاکبوونەوەی دەروون، فراوانبوونی هزر و بنیاتنانی نەتەوەیە))(الطحان، 2006: 17.(

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا پەروەردە و فێرکردن لە هەناویدا هەڵگری خەسـڵەتی ئاکاری باڵایە و ئەگەر بۆ مێژوویەکی کۆنتریش بگەڕێینەوە، هەر وا بووە. بۆیە (ئەرسـتۆ) گەورەیی و بەرزیی مرۆڤ دەکات بە دوو بەشەوە: (یەکەم: ڕەوشت، کە لە ڕێگەی نەریتەکانەوە بەدەست دێت. دووەم: فەزیلەت (باڵادەستیی ئەقڵانی)، کە لە ڕێگەی فێربوونەوە بەدەسـت دێت ((سـلێمان، ١٩٨٦: ٢٨). بۆیە ئەم فەیلەسـوفە ((پەروەردە و فێرکردنی بە ئامرازی چاکسـازی و گەندەڵییەکانی کۆمەڵگەی یۆنان و جێبەجێیەکردنی ئەرکی پەروەردەی بە کاری دەوڵەت دادەنا))(میهرئارا و ئەوانی دی، ٢٠٠٥: ٥٦). کە وابوو مێژووی پەروەردە و فێرکردن لە یەک خاڵدا چڕ ناکەنەوە، بەڵکو بناغە و سـەرچاوەی گواسـتنەوەی هەموو ئاکارە باشـەکان و پێشـکەوتنی کۆمەڵگەیە لەسەر ئاستی تاک و گشت .

بەم پێیە دەتوانین بڵێین فێرکردن و ئامرازەکانی، پایەیەکی پرۆسـەی پەروەردەن. وادەکەن ئەم پرۆسـەیە خێراتر و کاریگەرتر بێت. دیارترین ئەو چەمکانەش کە بە دەوری پرۆسـەی فێرکردندا دەسـوڕێنەوە (مامۆسـتا، فێرکار، نێرەر، ئاراسـتەکەر)ن کە لە ڕێگەیانەوە زانیاریی و ئاکارەکان دەگات بە گوێگر و فێرخواز.

تەوەری دووەم- پەیوەندیی نێوان ئەدەب و پەروەردە

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

پەیوەندیی نێوان ئەم دوو زانستە، پەیوەندییەکی پتەو و یەکانگیرە. لە زۆر شوێندا تێکەڵی یەکتری دەبنەوە، بە تایبەتی لە مەبەست و ئامانجدا، چونکە هەردووکیان سەر بە زانستە مرۆڤایەتییەکانن و لە بنچینەشدا لقێک بوون لە فەلسەفە .

لە یۆنانی کۆندا لە دەوروبەری ساڵی (٣٥٠ پ. ز) سێ ئاستیان بۆ پەروەردە دیاری کردبوو :

(یەکەم: بەرنامەی قۆناغی سەرەتایی لە (٧ تا ١٣) ساڵی، بریتی بوو لە خوێندنەوە، نووسین، میوزیک و هتد. بە مامۆستای ئەو قۆناغەیان دەگوت (گراماتیست) هەموو دانیشتووانی خاوەنمافی ئەسینا خوێندنەوە و نووسینیان دەزانی.

دووەم: بەرنامەی قۆناغی ناوەندی (١٣ تا ١٦) ساڵی، کە بریتی بوو لە ئەندازیاری، وێنەکێشان و هتد، بەڵام دواتر سەرف و نەحوو (واتاناسی و دەربڕین)یشی بۆ زیاد کرا. مامۆستای ئەم قۆناغە پێی دەگوترا (گراماتیکۆس.(

سێیەم: بەرنامەی قۆناغی خوێندنی بەرز (١٦) ساڵی بەرەو سەرەوە((سلێمان، ١٩٨٦: ٢٨ .(

لای یۆنانییەکان، ئەدەب لەنێو ئەم سێ ئاستەی پەروەردەدا خۆی دەبینییەوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم تێگەیشتنە، ئاماژە بە بۆچوونی (ئەفلاتوون) دەکەین، چونکە لای ئەوان دیدیان لەبارەی هونەر بۆ هونەر بە شێوەیەکی گشتی ((هونەر هەریەک لە پەیکەرتاشین- وێنەکێشان- دانانی شیعر و هەموو شتێک دەگرێتەوە، کە بە سۆز و عاتیفە و ئارەزوو مەیل و خولیایی کاری لەسەر دەکرێت، هەر بۆیە دەیانگوت نابێت هونەر بۆ شتی تری وەک بیروباوەڕ، ئایینەکان، یاسا، سیاسەت، دابونەریت و هتد بێت، کە دواتر لەوانەیە شیعر حوکمی بکات، یان بە پێچەوانەوە))(خفاجە، ١٩٥٦: ٢٧). بۆیە ئەوان دەیانخواست هونەرمەند تەنیا بیری لای هونەرەکەی بێت و بایەخ بە لایەنەکانی تر نەدات. بەڵام (ئەفلاتوون) دژی هەموو ئەمانە وەستایەوە و بڕوای بەم جۆرە بانگەوازانە نەهێنا، بگرە باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە ((هونەر بۆ ئاکار و بەهاکانە. واتە ئامانج لێی فێرکردن و ڕووناکبیرییە. پێی وا بوو، کە شیعر پەیامێکی بەرزی هەیە، ئەگەر پەیامەکەی بەدینەهێنێت، ئەوا شیعرێکی بۆگەنە و سێبەری نییە لە جیهانی حەقیقەتدا. بۆیە پێویستە شیعر هانی خەڵک بدات بۆ کاری چاک. خۆ ئەگەر بانگەشە بۆ پێچەوانەی ئەمە بکات، ئەوا پێویستە بە تەواوی دوور بخرێتەوە)). (خفاجە، ١٩٨١: ٤٧). بەم پێوەرە بێت، ئەدەب و پەروەردە لای یۆنانییەکان لە یەک بازنەدا بوون و یەک ئامانجیان هەبووە .

لە ئەنجامی پتەوی پەیوەندی نێوان ئەدەب و پەروەردە، زاراوەیەك هەڵهێنجێنراوە ئەویش ئەدەبی پەروەردەییە(الادب التربوي). دەشێت پرسیارێك بکرێت ئایا جیاوازی چییە لەنێوان ئەدەبی گشتی و ئەدەبی پەروەردەیی؟

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

) ئەدەبی پەروەردەیی: ئەو ئەدەبەیە، کە ئامانجی چاکسازییە لە (مەعریفە، ڕۆشنبیری، کارامەیی فێرکاری و ڕەفتاری لای تاك)، بە ڕوونی ســەرنج دەخاتە ســەر زانیاری فێرکاری و گەشــەی تاك. ئەمەش لە ڕێی ژانرە ئەدەبییەکانی وەک: (شـیعر، چیرۆك، ڕۆمان و چەمکە ئەدەبییەکانی تر)، لە ڕێگەی فێرکردنی بەها و بنەما شارستانییەتەکانەوە دەگاتە ئامانج، بەڵام ئەدەب بە گشتی بەوە جیا دەکرێتەوە، کە گوزارشت لە ژیانی ڕۆژانە و ئەزموونی تاك دەکات، بە شێوازێکی ئەدەبی. ئەمەش بە هەمان شێوە لە ڕیگەی (شیعر، چیرۆك، ڕۆمان، شانۆنامە، تایبەت بە خۆشـەویستی، هاوڕێیەتی، جەنگەکان، سیاسـەت و ئەو ڕووداوانەی، کە ڕوو دەدەن)، کە زۆرترین سودی ئەوەیە ئیلهامبەخشی خۆشی و ئارامییە)(دورکایم، ٢٠١٥: ٤٨). لەم پێناسەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، ئەدەبی پەروەردەیی زیاتر ئامانجی ئاڕاســـتەکردن و فێرکردنی خوێنەرە بە کردنەوەی گرێی هزری، ڕەفتاری و ڕۆشنبیرییەکانەوە، ئەمەش لە ڕێگەی

)پەروەردە، فێرکردن، بەها مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان)، بەڵام ئەدەبی گشتی ئامانجی ئارامیی دەروونی، خۆشی، فراوانکردنی مەعریفەی ئاسۆیی و هەروەها پاڵپشتیی ڕۆشنبیریی گشتیی خوێنەر دەکات.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەدەب و پەروەردە نەک پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بەڵکو لە زۆر شوێندا تێکەڵ دەبن و ئامانجیشـیان هاوبەشــە و دەیانەوێت تاک لە خراپە خاڵی بێتەوە و بەرەو چاکە و کامڵبوون بچێت. لە لایەکی ترەوە، ئـاماژە بە تیۆری (کلمـان) دەکەین، کە یەکێکە لە پێشـــڕەوەکـانی زانســـتی دەروونزانیی کۆمەڵایەتیی. جەخت لە لەوە دەکاتەوە، کە کەسەکان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، ئەمەیش دەرئەنجامی چەند هۆکارێکی ناوەکی و دەرەکییە. (الباوی، 2024: 21). کە وابوو، مامۆســـتا و خوێندکار و پرۆگرام پەیوەستن بە یەکترەوە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. ئەم کاریگەرییەش پەیوەست دەکەین بی ئەدەب و پەروەردە و پرۆگرامی خوێندنەوە.

بەشی دووەم: هەڵسەنگاندنی بەشی ئەدەبی پەرتووکی قۆناغی دەیەم بە پێودانگی ڕەگەزەکانی ئەدەب

توێژەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبی بەگشـتی لەسـەر ئەوە کۆکن، کە چوار ڕەگەزی بنچینەیی هەن، وا دەکەن دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی نائەدەبی جیادەکەنەوە. ئەوانیش(زمان، خەیاڵ، سۆز و بیر)ن.

لەم بەشـەدا باس لە هەر یەک لەو ڕەگەزانەی ئەدەب و ڕۆڵیان لە پرۆسـەی پەروەردە و فێرکردندا دەکەین، هاوکاتیش هەر ئەو ڕەگەزانە دەکەینە پێودانگێک بۆ هەڵسەنگاندنی بەشی ئەدەبی پرۆگرامی زمان و ئەدەبی کوردیی قۆناغی دەیەم.

یەکەم: زمان، ڕۆڵی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

ئەدەب پێکهاتە و بونیاتێکی تەواو زمانییە. زمان ئامرازی سەرەکی و یەکەمینە، کە ئەدیبان و نووسەران لە ڕێگەیەوە بیرکردنەوە و دنیابینی و هەست و خەیاڵەکانیانی تێدا دەردەبڕن و کەرەستەیەکە بۆ گێڕانەوەکانیان و لەوێوە پەیوەندی لەگەڵ خوێنەران و گوێگراندا لە ئاستە جیاوازەکاندا چێ دەکەن.

زمان دیارترین ڕەگەزی ئەدەبییە و مۆتیڤی پێدانی ئەدەبییەتە. ڕۆڵی بەرچاویشی هەیە لە بنیاتی ڕەگەزەکانی تری ئەدەبیدا، لە هەناویاندا بەرجەستە دەبێت و لە پەیوەندیی بەردەوامدایە لەگەڵیاندا، هەربۆیە دەوترێت (خودی زمان کۆمەڵێك پەیوەندییە و وشە و ئامراز و بیرە پەیوەستدارەکان لە خۆ دەگرێت و لەهەناویدان، هەر ئەو پەیوەندییە جۆربەجۆرانەشن وا دەکەن دەقێکی زمانی ببێتە پێکهاتەیەکی ئەدەبی و هونەری و تاموچێژی تایبەتی هەبێت)(گەردی، ٢٠٠٤: ٦١ ).

لەبارەی ئاوێزانبوونی زمان و ئەدەبدا و بەتایبەتی ئەدەب وەک بنیاتێکی زمانی، هاتووە ((کاری ئەدەبی بەگشتی بەداڕشتنی زمانی وردەوە بەندە و ئەدەب وەبەرهێنانێکی تایبەت و ئاشکرای زمانە،

چونکە کەرەستەی بنیاتنانی و پەیوەندی ئەزموونی ئەدیب بەزمانەوە لەپێوەندی هونەرەکانی تر پتەوتر و لەپێشینەترە، ئەدیبان لەخولقاندن و ئیحای واتای نوێدا پتر پشت بەهێزی دەربڕین دەبەستن))(عەبدوڕەحمان، ٢٠٠٦: ٢١). ئاشکرایە جوانی هەر دەقێکی ئەدەبی پەیوەستە بە جوانی و باڵایی زمانەکەیەوە، چونکە زمان ((لە لایەکەوە لە ڕێگەی دەنگ و وشەکانەوە لە بنیاتی دەقەکەدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت و لە لایەکی تریشەوە بەهۆی بەزاندنی واتای ئاسایی وشەکان و هەنگاونانیان بۆ گەیاندنی واتایەکی نوێ کارا دەبێت، لایەنی یەکەم ڕەگەزێکی تر دەبەخشێتە دەقێکی ئەدەبی و چالاکتری دەکات، ئەو ڕەگەزەش مۆسیقای شیعرییە، کە جۆرە چێژێکی وا بە دەقەکە دەدات بە کەم ڕەگەزی تر دێتە دی، هەربۆیە ڕەخنەی نوێ بایەخێکی گەورە بە زمان و ڕەگەزی زمان دەدات))(نافع، ١٩٨٣: ٨٣ ).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

بەم پێیە زمان و ئەدەب پەیوەندییەکی دینامیکی و هەمیشەیی لە نێوانیاندا هەیە، بەرهەمی ئەم پەیوەندییەش لە کایەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا زاراوە و چەمکگەلێکی وەک (فەرهەنگی ئاوەزی، میتافۆر، دژیەک، ئاواز و مۆسیقا، لادانی زمانی، شێواز و ڕەمز و ...هتد)ن. لە دنیای ئەمڕۆدا ئەم گرنگی و ڕۆڵەی زمان لە کایەی ئەدەبدا، بانگهێشتی نێو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن کراوە و ئەو وڵاتانەی کە پێشەنگی بواری ئەو پرۆسانەن، بە میکانیزمێکی زانستی و بە هۆشیارییەکی قووڵەوە کەڵکیان لە گرنگی زمان لە سەرانسەری پرۆسەی پەروەردەدا لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی ئەدەبەوە، وەرگرتووە. زمان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، ڕۆڵگەلێکی بەرچاوی وەک (پەیوەندی، لێکتێگەیشتن، دەربڕین، شوناس، ئامرازێکی دیاری فێربوون و فێرکردن، چێژ و توانای نووسین و دیالۆگ، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و سەرکەوتن لە بواری پیشەیی و ئەکادیمی و ...هتد)، دەگێڕێت.

دووەم: خەیاڵ-ئەندێشە، ڕۆڵی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا

یەکێکە لەو ڕەگەزە ئەدەبییانەی ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە، لە زمانی کوردی و لە نێوەندی ئەدەبیدا هەرسێ زاراوەی خەیاڵ و ئەندێشە و وێناکردن بەکار دێن. هەمیشە لەگەڵ ناوهێنانی ئەدەبدا، خەیاڵیش ناوی دێت.

ئەوەی دنیای ئەدەب و دنیای واقیع جوێ دەکاتەوە، هێز و توانای خەیاڵە لە نێو دەقە ئەدەبییەکاندا. خولقاندنی دنیایەکی نوێ و داهێنراو و نەبینراوە، پێدەری چێژ و هەستێکە کە مرۆڤ پێشووتر درکی پێنەکردووە، هەر ئەمەشە هەڵگری ئەو جوانی و تازەگەرێتییەیە کە دەقێکی ئەدەبی دەیبەخشێت.

مەبەست لە خەیاڵ لێرەدا-لە ئەدەبدا- واتا گشتی و باوەکە نییە، ((تەنیا ئەوە نییە شتەکان بخەینەوە یاد و خەیاڵمان، بەڵکو پرۆسەیەکە پێوەندی نێوان شتەکان و تایبەتمەندییان هەڵدەوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ لە نێو دەقی ئەدەبیدا پێوەندیی تریان بۆ دروست دەکات، کە پێشووتر نەبووە و ئەمەش لەسەر توانای خەیاڵ و ئەندێشەکردنی ئەدیب بەند و وەستاوە))(علوان، ١٩٧٥: ٤٦). کۆلیردج (Coleridge) خەیاڵ دابەش دەکات بۆ دوو جۆر:

١-خەیاڵی سەرەکی :(Fancy) ئەم جۆرە لە خەیاڵ و ئەندێشە هەموو مرۆڤێك تێیدا هاوبەشە، بەگشتیش لای هەموو ئەدیب و شاعیرێکیش دەبینرێت، پشتبەستە بە دەستوورێکی هەستی و نەستی کە زانیارییە درکپێکراوەکانی تێدا کۆ و کەڵەکە بووە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

٢ -خەیاڵی لاوەکی :(Imagination) تایبەتە بەشاعیر و ئەدیبە هەڵکەوتووەکان، لەبەرئەوەی هێزی دروستکردنی ئەدەبییەتی تێدا دەردەکەوێت. ئەم جۆرە لەلای (کانت) بەخەیاڵی ئیستاتیکی ناودەبرێت، لێهاتوویی و داهێنەری شاعیرەکە دەخاتە ڕوو، کۆلیردج جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە و دەڵێت: بەتایبەتی شیعر، بەرهەمی خەیاڵی لاوەکییە (ناسەرەکی)ە. (عیسا، ٢٠٠٩: ٥٨.(

بەم جۆرە دەردەکەوێت کە خەیاڵ ڕەگەزێکی گرنگی ئەدەبە و یەکێکە لەو تایبەتمەندییە جیاواز و جیاکراوانەی هەر دەقێکی ئەدەبی لە چاو دەقەکانی تردا .

خەیاڵ نەک تەنیا لە ئەدەبدا، ڕەگەزێکە بۆ کۆی کایە مرۆیی و زانستییەکانیش پڕ بایەخە. بوارێکی وەک زانستی پەروەردە، کە بوارێکی مرۆییە و سەروکاری تەواوی لەگەڵ مرۆڤ و خەیاڵ و توانا و وزە نەبینراوەکانیشیدا هەیە، پێویستییەکی هەنووکەیی و هەمیشەیی پێی هەیە، تا لەڕێگەیەوە هانی داهێنان و سنووری خەیاڵی داهێنان لای خوێندکاران پەرە پێبدات، تا هانیان بدات لە گۆشەنیگای جیاواز و کەسییەوە بارودۆخەکان و کێشەکان شی بکەنەوە، پێشبینی ئەگەرەکان و چارەسەرەکان بکەن.

خەیاڵ ڕێگە بە خوێندکاران دەدات خۆیان بخەنە شوێنی ئەوانی دیکە، ئەمەش هاوسۆزی و تێگەیشتن لە پەروەردەدا درووســـت دەکات. هاوکات هەر لەو دەلاقەیەوە خوێندکاران دەتوانن لە ئەزموون و کولتوور و دیدگا جیاوازەکان بکۆڵنەوە، کە لێبووردەیی و قبووڵکردنی ئەوانی تر دەستەبەر دەکات. لە ڕێگەی ڕاهێنانی خەیاڵیی و چیرۆکگێڕانەوە و شیعر و و هونەرەوە، پرۆسەی پەیوەندیکردن لای فێرخوازان کارا دەبێت .

سێیەم: سۆز، ڕۆڵی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا

ســۆزیش یەکێکە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەدەب. ســۆز هاندەر و مۆتیڤێکی گەورەی بزاوتی گۆڕینی دەروون و ڕەفتاری مرۆڤە. ئامرازێکی گرنگیی نزیکبوونەوە و پەیوەندیی نووسـەران و خوێنەرانە. ئەدیبان و نووسـەران لە ڕێگەی هەسـت و سـۆزەوە وەرگر دەورووژێنن و هەسـتی (خۆشـی و شـادی و نیگەرانی و ترس و دڕدۆنگی و سەرسامی و ئەزموونە هەستی و سۆزیەکانی تریان لا درووست دەکەن.

لە دەروونناسیدا (پێناسەی سۆز بەوە دەکرێت، کە دیاردەیەکی ویژدانی و دەروونییە، لەهەست و نەستی خاوەنەکەیەوە لەبەر چەند هۆیەکی مادی و بیری و هەڵچوونی شـــەپۆل دەدات و هەموو بوون و قەوارەی دەگرێتەوە لە ڕەنگ و دەنگ و بزوتنەوەی لەشیدا خۆی دەنوێنێت، ئەم دیاریدەیە ئەگەر هاتوو

لە ئەدەبدا ئەنجامدرا، پێی دەوترێت: ســـۆزی ئەدەبی، بەوە دەناســـرێ، کە هێزێکە لە دەروونی خوێنەریدا، بەهۆی خوێندنەوەی تێکســـتێکی ئەدەبییەوە بەرپا دەبێت و پەیوەندییەکی ویژدانی و بیری لە نێوان ئەو خوێنەرە و دانەری تێکستەدا بنیات دەنرێ))(بەسیر، ١٩٨٣: ١٧١). لە ڕێگەی سۆزیشەوە، تێکستەکە بەر هەســت و نەســت و دەروونی خوێنەر دەکەوێت و وا دەکات ئاوێزانی بێت و لەبیری نەچێتەوە. کاریگەریی ســـۆز لە ناو دەقی ئەدەبیدا، وای کردووە لەلایەن نووســـەر و ڕەخنەگرانی ئەم بوارەوە بایەخێکی زۆری پێبدرێت، ((لەم بارەیەوە (تیۆدور واگس) دەڵێت: هیچ دەربڕینێکی ئەدەبی کە پێی وایە بوونی نییە، ئەگەر لەبنەڕەتدا ســۆزاوی نەبێت، هەمان بۆچوونیش لەلای (ڕیبۆت) دەبینرێت و پێی وایە ســۆز هەوێنی هەموو دەقێکی ئەدەبی داهێنراو و کاریگەرە)). (کەریم، ٢٠٠٩: ٣٩). پەروەردەناســـان لە زانســـتی پەروەردە و فێرکردندا، سۆز وەک مۆتیڤێکی گرنگ دەبینن کە ڕۆڵی لە خێرا وەرگرتن و تێگەیشتن و مانەوەی زانیاریدا هەیە. سۆز ئارەزووکردن و وروژاندن و پاڵنەرەکان و تەرکیزکردن بەرز دەکەنەوە، وا دەکات خوێندکاران زیاتر زانیاریی وەربگرن و بەردەوام بۆ زانیاری نوێش ئامادەبن .

هۆشیاریی فێرکارییش لە بارەی سۆزەوە لە بەستێنی فێربوون و فێرکردندا بەگرنگییەوە لێی ڕوانراوە، بۆ نموونە هەست و سۆزە نەرێنییەکانی وەک بێزاری و دڵەڕاوکێی فێرخوازان، ڕێگری لە بەشداریکردن و بەدەنگەوەهاتن و وەرگرتن دەکات. لەبەرامبەریشدا بابەت و یەکەی خوێنراویش کە بارگاوی بێت بە سـۆزە ئەرێنییەکان ژینگەی دەروونی و تەشویق و پاڵنەرەکانی بەدەمەوەچوونی بۆ بابەتەکە زێدەتر دەکات.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

چوارەم: بیر، ڕۆڵی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا

یەکێک لە ڕەگەز و ئەرکە سەرەکییەکانی ئەدەب گەیاندنی بیرێک یان پەیامێکە، زۆرجار ئەدیب سەر بە هەر ئایدۆلۆجیایەک بێت، کۆی ڕەگەزەکانی تری ئەدەب، کە ئاماژەیان پێدرا وەک زمان و خەیاڵ و هەست و سۆز، بۆ ئەوە بەکار دەبات تا ئەو بیرەی مەبەستییەتی کاریگەرتر و خێراتر بیگەیەنێت.

لە ناساندنی بیردا هاتووە (تیشکێکە بە عەقڵی ئەدیبدا دێت، ئەگەر نەخشەی بۆ دانەڕێژرێت و ڕەگەزەکانی تری ئەدەب بەشداری تێدا نەکەن، ئەوا وەك هەموو ئەو بیرانەی لێدێت، کە ڕۆژانە بە نێو مێشکی کەسانی ئاساییدا دێت و نابنە دەقێکی ئەدەبی، بیر دەبێت پەروەردە بکرێت و ئاو بدرێت بە ئەندێشە و سۆز و لەدواجاریشدا لەقاڵبی زماندا دەرببڕدرێت))(ئەمین، ٢٠٠٢: ٤٨.(

بیرەکان لە دەوروبەرماندا زۆرن و هەر ئەدیبەو لە دەوری بیرێك یان دوو بۆ سێ بیردا دەقەکانی دەسووڕێنەوە، بۆ نموونە بیری ئازادی و نەتەوەیی و نیشتمانی و فەلسەفی و ئاینی و سۆفیگەری و سۆسیالیستی و شۆڕشگێڕی و بەرەنگاری و هاوکات بیری ژینگەدۆستی و یەکترقوبووڵکردن و خۆشەویستی بۆ زانین و کۆی بیر و بەهابالاکانی تری مرۆڤایەتی.

پیشاندانی بیرەکان لە ڕێگەی ئەدەب و لەهەناوی ئەدەبدا بۆ ئەوەیە تا بەشێوەیەکی بەهێزتر و کاریگەرتر دەربکەون و زیاتر لە دڵی خوێنەردا جێیان بێتەوە، چونکە (شێوازی پەخشکردنی بیر و بیرۆکەکان لە ڕێگەی ئەدەبەوە بارگاوییە بە تەکنیکە ئەدەبی و هونەرییەکان و ئیستاتیکییەکان و بەڕاشکاوی پیشان نادرێن، چون هێزی ئەدەب لەسەر ئاماژە و هێما بەندە و دوورە لە ڕاستەوخۆیی و وەک خۆی پیشاندان)(هلال، ١٩٧٣: ٦٠). ڕوونیشە لە دیباجەی نووسراوی هەر پەروەردەیەکی وڵاتانی دنیا، فەلسەفە و ئامانجی پەروەردە دیاری دەکرێت کە ئەو پەروەردەیە چ جۆرە مرۆڤێکی دەوێت و بە چ بیر و دیدگایەک زاخاو بدرێت، تا لە پێناو مرۆڤایەتی و لە پێناو نیشتمان و کۆمەڵگە و کولتوورەکەی خۆیدا بێت لە داهاتوودا. یەکێک لەو ناوەندانەی ئەو بیر و فەلسەفەیەی لێوە بەیان دەکرێت ئەدەب و پرۆگرامە ئەدەبییەکانە .

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

گەیاندنی بیر و هزرەکان لە پرۆگرامەکانی ئەدەبدا، ڕیشەیی و گۆڕانکاریهێنە، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ئایدیا و بیرۆکەکانەوە، فێرخوازان لە ناسنامە و کولتوور و بەهابالاکان و هاوڵاتیبوون و بیروباوەڕی خۆیی و ئەوی تر و کۆی دەستکەوتەکانی کۆمەڵگا و شارستانییەتە جۆراوجۆرەکان دەگەن و لایان دەچەسپێت.

هەروەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بە چەمك، پێناسە، جیاوازی و ڕەگەزە ئەدەبییەکان دا. هەر بۆیە لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین چەند دەقێکی ئەدەبی پەرتووکی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە ڕوانگەی پەروەردەیی و بابەتی ئەدەبییەوە، پاڵپشت بە زانیارییەکانی بەشی یەکەم، بخەینە بەر سەرنجی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، نموونەکانی بەشی ئەدەبی پەرتووکی (زمان و ئەدەبی

کوردی)ی پۆلی دەیەمی ئامادەیی، چاپی شازدەیەم (2723 کوردی – 2023 زایینی)مان بە نموونە وەرگرتووە.

دوای ئەوەی بەوردی و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە، بابەتەکانی بەشی ئەدەبی پەرتووکی ناوبراومان خوێندەوە، ڕاستەوخۆ بەری ئەو قۆناغبەندییە کەوتین کە پۆلێنی ڕێبازە ئەدەبییەکان دەکات و بە قۆناغی کلاسیزم دەست پێ دەکات کە لە ڕووی زمان و ناوەڕۆکەوە قووڵترین و قورسترین ڕێبازی ئەدەبییە و تەنها خوێنەرێکی ئاستبالا توانای تێگەیشتن و ڕاڤەی دەقەکانی هەیە بە بەراورد بە خوێندکاری قۆناغی پۆلی دەیەم، کە لە ئاست و تێگەیشتنی ئەو تەمەنەدا نییە. بەتایبەت لەناویدا بەهەرچوار دیالێکتە جیاوازەکەی زمانی کوردی (لوڕی، گۆران، کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو) کە مێژووی نووسینی دەقەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەد بۆ هەزار ساڵ پێش ئێستا.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەوردی باس لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کلاسیکی ئەوروپی و لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیشدا، باس لە بنەما و قاڵبە شیعرییەکانی دەکات. ئەم زانیارییانە بەم وردەکاری و ئاڵۆزییەوە بۆ خوێندکارانی ئەم قۆناغەی خوێندن پێویست نییە. (بڕوانە لاپەڕەکانی: ٦٨-٧٩). بۆ نموونە لە لاپەڕەی ١١٣ (لە بابەتی (ژیان و مەبەستە شیعرییەکانی مەلای باتێ)دا، نموونەیەکی شیعری شاعیر هێنراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی چوارسەد ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، تێگەیشتن لەم دەقە لە ڕووی زمانەوە، نەک بۆ ئەو خوێندکارانەی بە دیالێکتی کرمانجی خواروو دەپەیڤن، بەڵکو بۆ ئەو خوێندکارانەش قورسە کە سەر بە دیالێکتی کرمانجی ژووروون، چونکە پڕن لە وشەی عەرەبی و وشەی کۆنی سەر بەو دیالێکتە، کە لە ئێستادا بەکارناهێنرێت. ئەمەش نەک سوودی بۆ دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی ئاوەزی خوێندکار نییە، بەڵکو هۆکارێکیشە بۆ نزیکنەبوونەوە و دروستنەبوونی خۆشەویستی بۆ زمان، کە ئەدەب ناوەند و مۆدیومێکی سەرەکییە بۆ ئەم مەبەستە .

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

کە دەڵێت:

هلۆ ڕابە ئەبولقاسم

هلۆ ئەی قاسیدێ ئەکبەر

هلۆ فەخرا بەنی هاشم

هلۆ ڕابە تویێ ڕەهبەر

هاوکات لە هەڵبژاردنی دەقە کلاسیییەکاندا هەوڵ نەدراوە ئەو دەقانە هەڵبژێردرێن کە دەتوانرێت لە ڕێی ڕەگەزە ئەدەبییەکانییەوە، بنەما فەلسەفی و ئامانجە پەروەردەییەکان بمەزرێنێت کە لە سیستەمی خوێندنگا ئامادەییەکان(٢٠٠٩) دا، لە بەندی (یەک، دوو، سێ)دا ئاماژەی پێکراوە و دواتریش لە پرۆژەیاسای

پەروەردە و فێرکاریدا لە ساڵی (٢٠٢١) دا جەختی لێ کراوەتەوە و دواتر لە لایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەر دراوە. کە بریتین لە (دروستکردنی تاکێکی هۆشیار، نیشتمانپەوەر، پێشکەوتنخواز، ئاشتیخواز، بڕوای بە یەکسانی هەبێت، ژینگەپارێز، داهێنەر، هاوچەرخ، ...هتد.(

پێویستە ئەم بنامایانەش لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بە خوێندکار بگات، گرنگترین پرۆگرام کە دەرفەتی زیاتری گەیاندنی ئەم ئامانجە پەروەردەییانەی هەیە، ئەدەبە. بۆ نموونە لە دەقێکی تری کلاسیکدا لە لاپەڕە (٧٩)دا نموونەیەکی شیعری (مەلای پەرێشان) هێنراوەتەوە کە هیچ کام لەو بنەمایانەی کە ئاماژەمان پێدا تێیدا نابینرێت، تەنانەت بە جۆرێکیش کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی خوێندکاری ئەو قۆناغە دروست دەکات. کە دەڵێت:

خودا من بەندەی ناچیز و زەلیل

گونام کەسیرەن تاعەتم قەلیل

چەنیم عەدالەت مەکەر ئەی کەریم

ببەخشەم وە لوتف بە فەزلی عەمیم

لێرەدا دەکرا لە بری ئەم دەقە کە باس لە ناچیزی و زەلیلی و تاوانباری دەکات بۆ خوێندکارێکی تەمەن شازدە ساڵ، دەقێکی ئاینیی تری کلاسیک بهێنرایەتەوە کە باس لە بنەماکانی ئاین و ڕەوشتەکانی وەک:(ڕۆحی هاوکاریکردن، خۆشەویستی و ڕێزگرتن، خۆشەویستی بۆ زانین و یەکترقوبووڵکردن و ...هتد)، بکات.

هەروەها لە لاپەڕە(٧٥) دا، چوارینەیەکی بابا تاهیری هەمەدانی بە نموونە هێنراوەتەوە کە دەڵێت

موئان بەحروم کە دەر زەرف ئامەدەستوم

موئان نوقتە کە دەر حەرف ئامەدەستوم

بەهەر ئەلفی ئەلف قەدی بەرئایۆ

ئەلف قەدوم کە دەر ئەلف ئامەدەستوم

لەم چوارینەدا، بەشێوەی کۆد و هێما مێژووی لەدایکبوونی خۆی باس دەکات. ((هەردوو واژەی (الف+الف قد) بەپێی کێشی پیتەکانی عەرەبی کۆکراوەتەوە (ا=١، ل=٣٠، ف=٨٠، ق=١٠٠، د=٤، ا=١، ل=٣، ف=٨٠) دەکاتە (٣٢٦) کە بە ساڵی کۆچی هاتنەدنیای بابا تاهیر دەکات))(سلێمان،٢٥:٢٠١٢). ئەم لێکدانەوەیە تەنها لە توانای تێگەیشتنی خوێندەوارانی بواری خوێندنی ئاینیی و ئەو لێکۆڵەرانەدا هەیە کە لە بواری ساغکردنەوەی دەقدا کار دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لێکدانەوە و پەراوێزێک نەدراوە بۆ ڕوونکردنەوەی دەقەکە و خوێندکاریش پابەندکراوە بە لەبەرکردنی نموونەکە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

یەکێکی تر لەو سەرنج و تێبینییانەی کە بۆمان دروستبوو، ئەوەیە کە بابەتی (سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی)، پانتاییەکی زۆری لە بەشی ئەدەبدا داگیرکردووە. لەکاتێکدا جگە لە باسکردنێکی مێژوویی و پێدانی کۆمەڵێک زانیاری بە زمانێک کە زمانێکی ئەدەبی نییە، باسەکان هیچ خزمەتێکیان بە ئەدەب و ڕەگەزەکانی ئەدەب نەکردووە. لە کاتێکدا لەژێر ناونیشانی بەشی ئەدەبدا پێشکەشکراون. بۆ نموونە لە لاپەڕە(١٠٣) لە باسی (گۆڤاری بانگی کورد)دا، دەڵێت: ((لە ویلایەتی بەغدا، کە ئەو کاتە عێراق (دەوڵەت نەبوو)، بەڵکو سێ ویلایەتی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو، یەکەم بڵاوکراوەی کوردی گۆڤاری (بانگی کورد) لە (١٩١٤/٢/٨)ز لەلایەن جەمالەدین بابان بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی لە بەغدا دەرچوێنراوو، ئەم گۆڤارە تەنیا (٥) ژمارەی لێدەرچوو .((

لە لاپەڕە (١٠٧)یشدا، بە هەمان شێوە لە نموونەیەکی تردا بەم جۆرە باس لە (ڕۆژنامەی ژیانەوە و ڕۆژنامەی ژیان) دەکات، جگە لە پێدانی کۆمەڵێک زانیاری سیاسی و مێژوویی کە هیچ ڕەگەزێکی ئەدەبی لە باسەکەدا باس نەکراوە، لە باسێکی ئەدەبی ناچێت، کە پێویست بوو بۆ ناساندنی ڕۆژنامەکان نموونەی پەخشانی ئەدەبی ناو ڕۆژنامەکان بهێنرێتەوە کە ئەو ڕۆژنامانەیەی پێ بەناوبانگ بێت. بۆ نموونە :

)) نەخشەی سیاسی ناوچەکە بەرەو جێگیربوون دەچوو، دروستکردنی دەوڵەتی عێراقی پاشایەتی و بەزۆرلکاندنی باشوری کوردستان بەم دەوڵەتە و پشتیوانی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان بۆ عێراق و وەدەرنانی شێخ مەحمود لە سلێمانی خەونی کورد بۆ سەربەخۆیی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاڵتر دەکردەوە. حکومەتی عێراق بۆ ڕاگرتنی باڵانسی (سونە-شیعە) زۆر پێویستی بە کورد بوو، هاوکات دەبوو هەندێک

ئازادی بۆ کورد دەستەبەر بکات، تا لەژێر بەندی ئینتیدابی بەریتانی دەربچێت و سەربەخۆیی وەربگرێ.((.

کاتێک باس لە بابەتی پەخشان دەکرێت لە ئەدەبدا، پێویستە باس لە ژانرەکانی وەک: (چیرۆک، ڕۆمان، وتاری ئەدەبی، یاداشت، نامە، ...هتد)، بکرێت. کە بوارێکی گونجاوە لە ڕێی نموونەی ئەم ژانرانەوە تێیدا باس لە بەها باڵا مرۆیی و پەروەردەییەکان بکرێت. هەر لەڕێی ئەم ژانرانەشەوە، دەتوانرێت پەرە بە زمان و خەیاڵ و سۆز و بیری خوێندکار بدرێت.

لەم بەشەدا دەکرا لەبری باسکردنی مێژووی پەخشان، باس لە تیۆری هەریەک لەم ژانرانە بکرێت، تا خوێندکاران ئاراستەبکرێن بۆ فێربوون و ناسینەوەی ژانرەکانی پەخشان و دۆزینەوەی توانا تایبەتی و خودییەکانیان لە توانای دەربڕین و نووسین لەسەر شێوەی هەریەک لەم ژانرانە .

لە بەشی نممونەی ئەدەبدا لە هێنانەوەی نموونەی داستانێکی فۆلکلۆریی نموونەی باڵای ئەدەبی کوردی، پارچەیەک لە داستانەکە بەنموونە وەرگیراوە کە بەهایەکی پەروەدەیی ئەوتۆی تێدا نییە خزمەت بەم قۆناغەی خوێندکار بکات. بۆ نموونە لە لاپەڕە (١٣١) لە (پارچەک ژ چیرۆکا مەم و زینێ) دا دەڵێت: ((میر زەینەدین

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

نێزیکی ئێڤارێ ژ نێچیرێ زڤڕی وها ڕاست هاته باغێ، ل بەر دەرێ وێ قەسرا مەعلوم ژ هەسپی پەیابوو، ل ڤڕ شەربەت و قاوەیەکێ بخۆن و دگەل غولام و ئولداشێد خووە وها ژ نشکێڤە هاتنە دەرێ قەسرێ کو مەم و زین تێدا بوون، زین وی وەقتی کو دەنگێ برایێ خوە بیهیست هۆش هاتە سەری و گۆت مەمۆ چە دبێژی و چە دکەی؟ ئەڤە میر هات؟ کۆ ئەڤ خەبەرا گۆت، ئێدی ناچاری، مەمی زین ئەسـتاندە بنێ عەبایێ خوە و ڤەشـــارت.....هتد)). ئەمە لە کاتێکدا، لە دنیای نوێ و لە پەروەردەی نوێدا، هێنانەوەی ئەم جۆرە داســـتانە فۆلکلۆرییە نەتەوەییانە لە پرۆگرامی خویندن لە پەروەردەدا، بە شـــێوەیەکی کورتکراوە و ســـادەکراوە دەهێنرێتەوە، بەجۆرێک لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی هەر قۆناغێکدا بگونجێت. لە ناویشیدا زیاتر جەخت لەسەر ئەو بەشانە دەکرێتەوە، بەها پەروەردەییەکانی وەک: (شانازیکردن بە نەتەوە و شوناس و بە مێژووی خاک و وڵات و باسی ئازایەتی و جوامێری و ...هتد)، دەکات.

سەرەڕای ئەوەی لە پرۆگرامی خوێندنی ناوچەیەکی سەر بە کرمانجی خواروو(ناوەڕاست)دا، نموونەکە بە شێوەزاری کرمانجی سەروو هێنراوەتەوە و هەوڵ نەدراوە لە ڕێگەی هونەری گۆڕینەوە، بە
شێوەزاری کرمانجی خواروو(ناوەڕاست) بنووسرێت تا خوێندکاران توانای تێگەیشتنیان هەبێت و چێژی لێ ببینن. ئەگەر چاوێک بە کۆی زمان و فەرهەنگی وشـــەکانی بەشـــی ئەدەب و نموونەی ئەدەبی ئەم قۆناغەدا بگێڕین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نەتوانراوە خزمەت  بە زمان و فەرهەنگی ئاوەزی خوێندکاران بکرێت، چونکە زمانەکەی زیاتر لە زمانی ئاسایی خەڵکەوە نزیکە تا زمانی خوێندکارێک کە بە نزیکەیی دە ساڵ لە قۆناغەکانی خوێندندا، ئەدەب بەشـــێک بووە لە بابەتەکانی خوێندنی. ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵێک وشـــە هێنراوەتەوە، هەڵگری ئاماژەیەکی پەروەردەیی نین. وەک وشەکانی: (جەنگ، خوێن، زەلیل، جەور، شەڕ، گوناە، ناچیز، خار، بێ مدارا، مەی، مەخموور، بوهتان، غەم، قەســوەت، ئاشــووب، فرمێســک، گریان، شکاندن، هەڵکۆڵین، ...هتد .(

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

دارشتنەوەی باسەکانیش لە هەندێ شوێندا، لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندییەوە درووست نییە. کە هۆکارن بۆ ئەوەی باسەکان بەڕوونی و بەچێژەوە نەگات بە خوێندکار.

دەربارەی هەبوونی ڕەگەزەکانی تری ئەدەبیش، بۆ نموونە خەیاڵ، وەک ئاماژەمان پێدا ڕەگەزێکی گرنگی ئەدەبە. لە کۆی نموونەکانی بەشــی ئەدەب، جگە لە یەک دوو نموونە کە خەیاڵێکی بەرز و وێنەیەکی جوانی تێدایە، بەشــێوەیەکی بەرچاو گرنگی بەم ڕەگەزە نەدراوە. ئەمەش بە بەراورد بە پانتایی بەشـــی ئەدەب لەم پەرتووکەدا، زۆر کەمە. وەک لە لاپەڕە (٨١)دا بێسارانی دەڵێت:

چنوور جە سەرکۆ وەنەوشە جە چەم

گووڵ جە گوڵستان، وەهەم بیەن جەم

سۆزیش هەبوونی ڕەگەزی سۆز، بۆ جوولاندنی سۆز بۆ (نەتەوە، خاک، وڵات، مرۆڤ، سرووشت و گیانداران و ...هتد) زۆر کەم لەم جۆرە نموونانە دەدۆزرێتەوە کە سۆز باڵادەست بێت بۆ گەیاندنی پەیامەکە، بەڵکو زیاتر باسی جەنگ و زانیاری مێژووییە.

وەک ئاماژەمان پێدا پێویستە بیر و ئامانجە فەلسەفییەکانی پەروەردە لە ڕێگەی ئەدەبەوە بمەزرێنرێت، تاوەکو بارگاوی بێت بە سۆز و ئەندێشەیەکی کاریگەر و زووتر بگاتە خوێندکار. لەم پرۆگرامەدا جگە لە بیری نەتەوەیی و ئاینی، بیرە هەنووکەییەکانی وەک (بیری ئازادی، بیری یەکسانی ڕەگەزی، بیری یەکتر قبووڵکردن و پاراستنی ژینگە و ...هتد)ی تێدا نابینرێت. ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات، سیستەمی داڕێژراوی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ پرۆگرامی بەردەستدا یەک ناگرێتەوە. تەنانەت لە هەندێ نموونەدا لەبری ئەم بیرانە بیرێکی خودی خراوەتە ڕوو کە باسکرنی بۆ ئەم قۆناغە نەگونجاوە. بۆ نموونە لە لاپەڕە(٩٧)دا نموونەیەکی (نالی)ی شاعیر هێنراوەتەوە کە دەڵێت:

زوڵفت لە قەدتدا، کە پەرێشان و بڵاوە

ئەمڕۆ لە منی شیفتە، ئاڵۆز و بەداوە

بۆچی نەگریم، سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی

بۆ مەی نەڕژێ، شیشە لە سەد لاوە شکاوە

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

وەک دەبینین لەم نموونەیەدا جگە لە خەیاڵێکی عاشقانە و بیرێکی خودی، هیچ بیر و خەیاڵێکی تری تێدا نییە تا ببێتە هۆکار بۆ گەیاندنی ئامانجێکی پەروەردەیی. لە هەندێ نموونەی شیعری تردا بیرێکی سۆفیگەری قووڵ هێنراوەتەوە کە دیسان باسکردن و تێگەیشتنی بۆ ئەم قۆناغە پێویست نییە بۆ نموونە لە لاپەڕە (٨٦) دا نموونەیەکی (مەلای جزیری) باسکراوە کە دەڵێت:

ئیرۆ ژ ڕەمزا دێم دوڕی

مینئەت کو من مەسرووره دل

دلبەر ب فنجانا سوڕێ

مەی دامە و مەخمووره دل

لە هەڵبژاردنی هەندێ نموونەشدا بە مەبەستی پیشاندانی بیرێکی درووست کەوتوونەتە هەڵەوە، بەهۆی نەگونجانی شیعرەکە لەگەڵ تەمەن و ئاستی تێگەیشتنی خوێندکارانی ئەو قۆناغە. لە نموونەیەکدا دەڵێت :

کە ئەم دەستم ئەو دەستی کەم بۆ بشکێنێ

هەردوو دەستم لە مل دەکەم

کە ئەم چاوم ئەو چاوی دیم بۆ هەڵکۆڵێ

هەردوو چاوم پڕ گڵ دەکەم!

ئەم ئاگرە بکوژێننەوە... نەکوژێتەوە

نالی دەڵێ: من کورد نەبووم!

حاجی دەڵێت: من لە کۆیەدا نەژیاوم

قەت دیمەنی هەیبەسوڵتان وەکو گوڵاو نەکراوەتە نێو چاوانم!

خانی دەڵێت: مەم و زین، من نەم نوسیوە

من بە چاوی قەڵەمیشم میرخاسی کوردم نەدیوە.

شیعری (ناکۆکەکان- حەسیب قەرەداغی: 116.(

کاتێك بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ئەم شیعرە دەخوێنینەوە، دەبینین بۆ خوێندکاری پۆلی دەیەم تاڕادەیەك نەگونجاوە، هەرچەندە شاعیر مەبەستێکی ئاشتیخوازانەی هەیە و دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە پێمان بڵێت ناکۆك مەبن و لەنێو خۆتاندا یەکگرتوو بن، بێئاگا لەوەی بەهۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێك دەستەواژەی وەکو (شـــکاندنی دەســـت، هەڵکۆڵینی چاو، کوژاندنەوەی ئاگر، نەرێکردنی کوردبوون لەلایەن (نالی)ی شـــاعیرەوە، (حاجی قادری کۆیی) حاشـــا لە ژیانی لە کۆیەدا دەکات و (ئەحمەدی خانی)یش لە نووســـینی داســـتانی (مەم و زین) پەشـــیمان دەبێتەوە.)، کە ئەم دەســـتەواژە زبرانە خزمەت بە هزر، ســـۆز و خەیاڵی خوێندکار ناکەن و کاریگەریی دەروونیی خراپی لەسەر جێ دەهێڵن. تەنانەت ناونیشانەکەیشی (ناکۆکەکان) نامۆیە و تەریب نییە لە ڕەهەندە پەروەردەییەکان. ئەوە ئاشکرایە، کە مێژووی نووسینی ئەم شیعرە بۆ ساڵی حەفتاکان دەگەڕێتەوە و بۆ قۆناغ و مەبەستێکی دیاریکراو و سیاسی نووسراوە، کە خاڵییە لە ڕەگەزی ئەدەبی و ڕەهەندی پەروەردەیی.

دەکرا لەبری ئەو دەقە، دەقێکی تری شاعیر (حەسیب قەرەداغی) وەربگیرێت کە دەڵێت:

وڵاتێک بوو لە وڵاتان

جەژنی سەربەخۆییان بوو

نمایشێکیان پێکهێنا

شان و کەمەر

ناوشار و دەر

پڕ بوو لە چەک

پیرەمێردێ وتی: خۆزگە سەد خۆزگایە

لە بریتی هەر فیشەکێ

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

کێشی هەموو ئەم ئاسنە

چەپکێ گوڵ و گەنم بووایە. (قەرەداغی، ٢٠٠٢: ١١٧(

ئەم دەقە هەڵگری ڕەهەندێکی پەروەردەیی قووڵ و وردە کە مامۆستا دەتوانێت لە ڕێیەوە ئاراستەی بیری خوێندکاری پێ بگۆڕێت، چونکە تێیدا بەشێوەیەکی گونجاو ڕەگەزە ئەدەبییەکان گەڵاڵە کراون. ئەمەش هاوکارێکی باشە بۆ گەیاندنی بنەما پەروەردەییەکان. تێیدا بیرە نەتەوەییەکە لە پاڵ خەیاڵ و سۆزێکی کاریگەردا، بە زمانێکی ئەدەبی و وشەی گونجاوی وەکو (وڵات، جەژن، شار، نمایشی شانۆ، پیرەمێرد، گوڵ، گەنم) کە هەریەکەیان هەڵگری مانای قووڵ و دەلالەتی واتایی فراوانا و ناوەڕۆکی

دەوڵەمەندی ئەرێنی، گەیەنراوە. لە نموونەکانی بەشی خوێندنەوەشدا، لە لاپەڕە (163)دا ناونیشانێك بەرچاو دەکەوێت بە ناوی (هەڵوێستێکی جوامێرانە – لێدوانەکەی سەرکردەی بەڕێز (موعەمەر قەزافی)، کە لەبارەی گرتنی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)ـەوە نووسیویەتی. ئێمە لێرەدا تەنیا هەڵوەستە لەسەر ناونیشانی وتارەکە دەکەینەوە و باسی وردەکاریی ناوەڕۆکەکەی ناکەین. لەم ناونیشانەدا چەندین وەسف بۆ دیکتاتۆری پێشووی وڵاتی (لیبیا) دەبینرێت، کە میللەتەکەی لە دژی وەستانەوە و لە کۆتاییدا بە شێوازێکی نامۆ کۆتاییان بە ژیانی هێنا. لێرەدا لەسەر وشەکانی ناونیشانەکە دەوەستین :

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

هەڵوێست: ئەنجامدانی کارێك، کە جێگەی پەسن و ستایش بێت.

جوامێر: بە کەسێك دەگوترێت، کە لێهاتوو بێت و لە دژی نادادی بوەستێتەوە.

سەرکردە: کەسی پێشەنگ و ڕابەر.

بەڕێز: بۆ کەسی خاوەنپێگە بەکاردێت .

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا تەکنەلۆجیا هاوکارێکی زۆر باشی خوێندکارانە و دەتوانن بە ئاسانترین ڕێگە بە دوای سەرگوزەشتەی ژیان و مردنی (موعەمەر قەزافی)دا بگەڕێت، تا بە زوویی لەوە تێبگات ئەم مرۆڤە دیکتاتۆرەی لە ئەنجامی جەور و ستەمی لە میللەتەکەی خۆی، بە دڕندەترین شێوە کۆتایی بە ژیانی هات، لەگەڵ ئەم ناونیشان و گوتارەدا چەند لێك دوورن و ناگونجێن. لێرەدا و لە هەڵبژاردنی نموونە و ناونیشاندا، ڕەچاوی ڕەگەزی بیر نەکراوە، تا لەگەڵ ئامانجە پەروەردەییەکاندا یەک بگرێتەوە. بۆ نموونە دەکرا لە بری ئەم نموونەیە، وتاری کۆتایی تەمەنی پێشەوا (قازی محەمەد) دابنرێت، کە بیری نەتەوەیی خوێندکار فراوان دەکات و لە هەمان کاتدا هەڵگری پەیامێکی پەروەدەییە و ڕەگەزی ئەدەبیشی فەرامۆش نەکردووە، کە دەزانرێت (قازی محەمەد) یەکێکە لە سەرکردە دیارەکانی نێو مێژووی خەباتی کوردستان.

لە کۆتاییدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە پەرتووکی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی دەیەمی ئامادەیی، لە بەشـــی ئەدەب  و نموونەی ئەدەب و خوێندنەوەدا چەندین بابەت بەرچاو دەکەون، کە لەگەڵ ئاســـت و تێگەیشـــتنی خوێندکاردا یەك دەگرنەوە و لە یەك کاتدا هەم هەڵگری پەیامی پەروەردەیی، هەم ڕەگەزی ئەدەبیین، بەڵام ئێمە لەبەر سنووردارییی توێژینەوەکەمان و بە مەبەستی زیاتر خستنەڕووی کەلێنەکانی نێو ئەم سێ بەشە، لە پێناوی کارلەسەرکردن و بە هەندوەرگرتنی تێبینییەکان لەمەڕ ئەم بابەتەوە توانیمان زیاتر دەست بخەینە سەر ئەو نموونانەی دەرگای ڕەخنەلێگرتنیان لەسەر ئاوەڵایە .

ئەنجام:

١ -زانســتەکانی ئەدەب و پەروەردە، دوو لە گرنگترین زانســتی مرۆیین، کە بایەخ بە ئاکار و پێشــڤەچوونە مرۆییەکان دەدەن، ئامانجیان درووستکردن و پەروەردەکردنی مرۆڤێکی تەندرووستە، کە سوودبەخش بێت بۆ خودی خۆی و دەورووبەری.

٢ -پەیوەندیی نێوان زانســتی ئەدەب و پەروەردە، پەیوەندییەکی پتەو و یەکانگیر و لە مێژینەیە، لە زۆرێک لە کایەکانی ژیاندا، بۆ گەیشـــتن بە ئامانجەکانیان کۆمەکیان بەیەکتری کردووە. لەم ڕوانگە و پەیوەندییەوە زاراوەیەکی نوێ هەڵهێنجێنراوە بە ناوی ئەدەبی پەروەردەیی(الادب التربوي .(

٣ -پەیڕەوکردنی ڕەگەزە ئەدەبییەکان لە پەرتووکی قۆناغەکانی خوێندندا، هاوکارێکی سەرەکییە لە گەیاندنی ئەو بنەما و ئامانج و فەلەســفە و بەها پەروەدەییانەی، لە سیســتەمی داڕێژراوی هەر پەروەدە و فێرکردندا هەیە.

٤ -لە بەشــی ئەدەبی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی قۆناغی دەی ئامادەییدا، پلانی داڕشــتنەوەی بەشــی ئەدەب هاوتای ئامانجە پەروەدەییەکان نییە. زیاتر جەخت لەسەر قۆناغبەندیی ڕێبازەکانی ئەدەب کراوەتەوە، کە لە ئاست و توانا و پێویستیی پەروەردەیی خوێندکارانی ئەم قۆناغەی خوێندندا نییە.

٥ -لە بەشـــی پەخشـــاندا، کە پانتاییەکی فراوانی بەشـــی ئەدەبی پەرتووکەکەی داگیرکردووە، زانیارییەکان دەچنە خانەی گێڕانەوەیەکی مێژوویییەوە،  هاوکات زۆربەی بابەتەکانی بەشـــی خوێندنەوەش لە دەرەوەی خانەی ئەدەبدان.

٦ -لەم پەرتووکەدا گرنگی بە ژانرە ئەدەبییەکان نەدراوە، ئەمە جگە لەوەی بەشـــێوەیەکی گشـــتی ڕەگەزە ئەدەبییەکان پەراوێز خراون، کە هۆکارێکی ســـەرەکین بۆ درووســـتبوونی چێژ و خێراگەیاندن و مانەوەی زانیاری و بەها پەروەردەیی و مرۆڤینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان و بابەتە هەنووکەییەکانی ســەردەم و ژیان.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

٧ -زمان، کە گرنگترین ڕەگەزی ئەدەب و هۆکاری یەکەمی گەیاندنی پەیامی پەروەردەییە، بایەخی پێنەدراوە، بەتایبەتی لەڕووی: دەوڵەمەندیی فەرهەنگی پەروەدەیی و ڕێنووس و زمانی ئەدەبی، ئەمە جگە لە تێکەڵکردن و هێنانەوەی وشەی کۆن و قورسی نێو دیالێکتەکانی زمانی کوردیی، کە خزمەت بە پەیامە پەروەردەییەکان و ئەدەبییەکانیش ناکات لەو قۆناغەی خوێندندا .

٨ -هاوکات ڕەگەزی بیر و خەیاڵ و سۆزیش زۆر بە کەمی لای لێکراوەتەوە، کە هەریەکەیان ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لەسەر فراوانکردنی هزر و تێگەیشتن و بەدەمەوە هاتنی خوێندکارانی ئەم قۆناغە.

پێشنیاز و ڕاسپاردە

لە ڕێگەی ئەم کۆنفرانسەوە پێشنیاز دەکەین بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم خاڵانەی خوارەوەدا:

١ -پێداچوونەوە و گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە بەشی ئەدەبی پەرتووکی (زمان و ئەدەبی کوردی)ی قۆناغی دەیەمی ئامادەیی و بەشی ئەدەبی کۆی پەرتووکەکانی قۆناغەکانی تر، چونکە پرۆگرامەکە کۆنە و هەماهەنگ نییە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەدەب و پەروەردەی نوێدا.

٢ -جیاکردنەوەی بەشی ئەدەب، وەک پەرتووکێکی سەربەخۆ و وانەیەکی سەربەخۆ، چونکە ئەدەب لە کۆی پایەکانی ژیاندا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕۆڵێکی چالاک و کاریگەری لەسەر ئاکار و دەروون و زمان و دەربڕین و ڕوانگە و دنیابینی مرۆڤ بۆ ژیان و پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەوانی تردا، هەیە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

٣ -پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە پسپۆڕانی بوارەکانی (پەروەردە، ئەدەب، زمان، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، هونەر، تەندروستی)، بۆ داڕشتنەوە و دیزاینکردنی بەشی ئەدەب، تا بەجۆرێک لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ توانا و ئاستی قوتابیان و خوێندکارانی ئاستە جیاوازەکاندا بگونجێت.

٤ -ڕەچاوکردنی مەزراندنی بابەتە پەروەردەیی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و کۆی بەها باڵا مرۆییەکان، لە هەڵبژاردنی بابەتەکانی ئەدەبدا، کە هاوتای بنەما و ئامانجە پەروەردەییەکان بێت، بەجۆرێک لە ئاستی و توانا و تێگەیشتنی خوێندکارانی قۆناغە جیاوازەکاندا بێت .

٥ -جۆراوجۆری لە بابەت و یەکەکانی بەشی ئەدەب، بەپێی ژانرەکانی شیعر و پەخشان(چیرۆک، کورتەچیرۆک، نۆڤلێت، وتاری ئەدەبی، گێڕانەوە، یاداشت، نامەی ئەدەبی، ...هتد) تا خوێندکاران توانای ناسین وجیاکردنەوەی ژانرە جۆراوجۆرەکانیان هەبێت و دووربن لە بێزاربوون لە یەک جۆری و یەک ڕەنگی بابەتەکان.

٦ -ڕەچاوکردنی جێکردنەوە و بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی ئەدەب(زمان، بیر، سۆز، خەیاڵ) لە بابەتەکانی ئەدەبدا، چونکە ئەم ڕەگەزانە هۆکاری سەرەکی دروستکردنی چێژی دەقی ئەدەبین و لە ڕێگەیانەوە

دەتوانرێت پەیامە پەروەردەییەکان زووتر بگەن و کاریگەری زیاتر لەسەر وەرگرتن و مانەوەی پەیامەکان دەبێت .

٧- گرنگیدان بە زمان وەک هۆکاری سەرەکی گەیاندنی بنەما پەروەردەییەکان، بەشێوەیەک، کە (فەرهەنگێکی ئەدەبیی پەروەدەیی پاراو و گونجاو) دروستبکرێت. لەگەڵ گرنگیدان بە لایەنەکانی: (ڕستەسازی و ڕێنووس دروستنووسی و خاڵبەندی و ...هتد).

**یەکەم: زمانی کوردی**


ا- دیوان :

١ -قەرەداغی، حەسیب(٢٠٠٢)، فەرهەنگی غەم، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

ب- کتێب:

٢ -ئەمین، عەبدولقادر محەمەد (٢٠٠٢)، وێنەی شیعریی لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

٣ -ئیگڵتن، تێری(2016)، تیۆری ئەدەبی، وەرگێرانی: عەتا قەرەداغی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی تاران،.

٤ -بەسیر، د.کامل حەسەن (١٩٨٣)، رەخنەسازی (مێژوو و پەیڕەوکردن)، بەغداد، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق.

٥ -سجادی، علاء الدین(1978)، خوشخوانی، چاپی یەکەم، بەغدا، چاپخانەی مەعارف .

٦ -عیسا، هاوژین سڵیوە(٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

٧ -گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن(٢٠٠٤)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٨ -لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە پەرتووكی(2023) زمان و ئەدەبی كوردی، دانانی: ، چاپی شازدەیەم. هەرێمی كوردستان، عێراق .

٩ -مەنتك، حەمە(2019)، چەشە و چەشنە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی مەم و زین،.

١ -0مستەفا، نەزیرە سابیر(2021)، پراگماتیك و شێوازگەری، چاپی یەكەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە .

١١ -میهرئارا و ئەوانی تر، عەلی ئەکبەر(2005)، مێژووی پەروەردە و فێرکردن لە ڕۆژگاری کۆنەوە تا ڕێنیسانس، چاپی یەکەم، سلێمانی، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی. ن. ك .(

١٢ -ناوخۆش، سەلام، خۆشناو، نەریمان، عەبدوڵڵا، ئیدریس(2021)، کوردۆلۆجی، چاپی حەڤدەیەم، هەولێر، چاپخانەی هێڤی .

ج- نامەی ئەکادیمی:

١٣ -کەریم، فەرهاد قادر(٢٠٠٩)، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی (حەمدی)دا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

١٤ -عەبدوڕەحمان، عەبدولسەلام سالار(٢٠٠٦)، وێنەی هونەری لە شیعری (شێخ نووری شێخ ساڵح)دا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.


مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

د- گۆڤار:

١٥ -سلێمان، هەژار فەقێ(٢٠١٢)، چەمکی سووتان لە شیعرەکانی بابا تاهیری هەمەدانیدا، گۆڤاری ڕامان، ژ١٧٧.

ە- ماڵپەڕ:

١٦ -قادر، هونەر کەمال(2015)، ڕاپۆرتێك دەربارەی ڕۆڵی مامۆستا لە پەروەردە و فێرکردندا، ماڵپەڕی کۆمەڵناسانی بینگۆل: http://komalnasanybingol.blogspot.com/2015/04/role-mamosta-la-parwardaw-ferkrdn.html.

دووەم: زمانی عەرەبی

١٧ -الرشدان، عبدالله و جعنيني، نعيم(2002)، المدخل الى التربية والتعليم، ط4، عمان، دار الشروق للنشر والتوزيع.

١٨ -الخالدي، د.مريم ارشيد(2008)، نضام التربية والتعليم، عمان، دار صفاء للنشر والتوزيع.

١٩ -الطحان، مصطفى محمد (2006)، التربية ودورها في تشكيل السلوك، بيروت، لبنان، دار المعرفة.

٢٠ -اليماني، عبدالكريم سعيد(2004)، فلسفة التربية، رام الله، المنارة، دار الشروق للنشر والتوزيع. خفاجة، د.محمد صقر (1956)، تأريخ الأدب اليوناني، مصر، مكتبة النهضة المصرية.

٢١ -خفاجة، د.محمد صقر(1981)، النقد الأدبي عند اليونان من هوميروس غلى افلاطون، القاهرة، مصر.

٢٢ -دوركايم، اميل(٢٠١٥)، التربية الأخلاقية، ترجمة: السيد محمد بدوي، مصر، القاهرة المركز، القومي للترجمة.

٢٣ -سليمان، فتحية حسن(١٩٨٦)، التربية عند اليونان و الرومان، القاهرة، مصر، دارالهنا.

٢٤ -عيسى، احمد عبدالرحمن(1977)، في اصول التربية وتأريخها، المملكة السعودية دار اللواء للنشر والتوزيع، الرياض.

٢٥ -علوان، د.على عباس (١٩٧٥)، تطور الشعر العربي الحديث في العراق، بغداد، وزارة الثقافه و الاعلام.

26.الباوي، علي هاشم جاوش (2024). التفكير القائم على الحكمة وعلاقته بالجمود الفكري والمسايرة الاجتماعية لدى المعلمين. لارك 16(3 /Pt1), 436-415 https://doi.org/10.31185/lark.3480

٢٧ -نافع، د.عبدالفتاح صالح(١٩٨٣)، الصوره فى شعر بشار بن برد، عمان، دار الفكر للنشر والتوزيع.

28- هلال، د.محمد غنيمي(1973)، دراسات و نماذج فى مذاهب الشعر ونقده، القاهرة، دار النهضة.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

## First: Kurdish References:

a- Diwan:

1- Karadaghi, Hasib (2002), Farhangi Gham, 1st edition, Erbil, Aras Publishing House.

B. Books:

2- Amin, Abdulqadir Mohammed (2002), Poetic Images in the Kurdish Romantic Path, 1st Edition, Sulaimani, Sardam Publishing House.

3- Eagleton, Terry (2016), Literary Theory, translated by Ata Karadaghi, first edition, Sulaimani, Tehran Printing House.

4- Basir, Dr. Kamil Hassan (1983), Criticism (History and Following), Baghdad, Iraqi Information Society Printing House.

5- Sajadi, Alauddin (1978), Khushkhani, first edition, Baghdad, Knowledge Printing House.

6- Isa, Hawzhin Sliwa (2009), Structure of Artistic Image in Sherko Bekas's Poetry, First Edition, Sulaimani, Sardam Publishing House.

7- Gardi, Sardar Ahmad Hassan (2004), Construction of Artistic Image in Kurdish Poetry (1970-1991), First Edition, Sulaimani, Sardam Publishing House.

8- A committee in the Ministry of Education book (2023) Kurdish Language and Literature, putting: 16th edition. Kurdistan Region, Iraq.

9- Mantak, Hama (2019), Literary Types, First Edition, Erbil, Mam and Zeen Printing House,.

10- Mustafa, Nazira Sabir (2021), Pragmatics and Methodology, first edition, Erbil, Awer Publishing Center.

11- Mehrara et al., Ali Akbar (2005), History of Education from Ancient Times to Renaissance, First Edition, Sulaimani, Bureau of Thought and Consciousness (YNK).

12- Nawkhosh, Salam, Khoshnaw, Nariman, Abdullah, Idris (2021), Kurdology, 17th edition, Erbil, Hevi Printing House.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

C. Academic Letter:

13- Karim, Farhad Qadir (2009), Image Structure in Hamdi's Poems, PhD Thesis, Sulaimani University.

14- Abdulrahman, Abdulsalam Salar (2006), Artistic Image in the Poetry of Sheikh Nuri Sheikh Salih, Doctoral Thesis, Sulaimani University

D. Magazine:

15- Sulaiman, Hazhar Faqe (2012), The Concept of Burning in the Poems of Baba Tahir Hamadani, Raman Magazine, No.

e) Website:

16 - Qadir, Hunar Kamal (2015), A Report on the Role of Teachers in Education, Bingol Sociologists Website: http://komalnasanybingol.blogspot.com/2015/04/role-mamosta-la-parwardaw-ferkrdn.html.

Second: Arabic References:

17- Al-Rashdan, Abdullah and Ja'nini, Naeem (2002), Introduction to Education and Training, Vol.

18- Al-Khalidi, Dr. Maryam Arshid (2008), Education and Training System, Oman, Dar Safa for Publishing and Distribution.

19- Al-Tahan, Mustafa Mohammed (2006), Education and its role in the formation of behavior, Beirut, Lebanon, Dar al-Ma'arifa.

20- Al-Yamani, Abdul Karim Saeed (2004), Philosophy of Education, Ramallah, Al-Manarah, Dar Al-Sharwq for Publishing and Distribution. Khafaja, Dr. Mohammed Saqr (1956), History of Greek Literature, Egypt, Egyptian Renaissance Library.

21- Khafaja, Dr. Mohammed Saqr (1981), Literary Criticism in Greece from Homer before Plato, Cairo, Egypt.

22- Durkheim, Amil (2015), Moral Education, Translation: Sayyid Mohammed Badwi, Egypt, Cairo Center, National Translation.

23. Suleiman, Fathia Hassan (1986), Education in Greece and Rome, Cairo, Egypt, Daralahna.

24- Issa, Ahmad Abdul Rahman (1977), in the principles of education and its history, Kingdom of Saudi Arabia, Dar Al-Luwa' for Publishing and Distribution, Riyadh.

25- Alwan, Dr. Ali Abbas (1975), Evolution of Modern Arabic Poetry in Iraq, Baghdad, Ministry of Culture and Information.

26. Al-Bawi , Ali Hashim Jawsh (2024). Continuous reflection on wisdom and its relationship to intellectual stability and social issues among teachers. Lark, 16(3 /Pt1), 436-415. https://doi.org/10.31185/lark.3480

27- Nafe, Dr. Abdul Fattah Saleh (1983), Images in the Poetry of Bashar bin Bard, Oman, Dar al-Fakr for Publishing and Distribution.

28- Hilal, Dr. Mohammed Ghanimi (1973), Studies and Prayers in the School of Poetry and Criticism, Cairo, Dar al-Nadha.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية